# وەزارەتی ناوخۆ ..هەموومان بگرن

گۆران محەمەد

هەفتنامەی میدیا و پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، راپرسییەکیان لە بارەی ئەدای وەزارەتەکانی هەردوو ئیدارە ئەنجامدا، دواجار خەڵکی هەولێر ئەوانەی لە راپرسییەکەدا بەشدار بوون وەزارەتی ناوخۆیان بە خەراپترین وەزارەت لە قەڵەم دا و هەفتەنامەی میدیاش ئەو ئەنجامانەی بڵاوکردنەوە، ئەوەندەی نەبرد وەزارەتی ناوبراو هێژایان ئاکۆ محەمەد سەرنووسەری میدیا و مووسا ئەحمەد بەرپرسی پەمانگەی کوردستانیان لە زیندان قایم کرد، لە سەرێکەوە وەزارەتی ناوبراو سەلماندی کە خەڵکی بەشداربووی راپرسییەکە لە سەر هەقن، ئاخر وەزارەتی ناوخۆی هەولێر لە بری ئەوەی خورتتر بە دوای تیرۆریستاندا بگەڕێت کە خەریکە شاری هەولێری بە ئارامی ناسراو دەکەنە دەستەخوشکی فەللوجە، خۆی تیرۆری فیکری لە بەرامبەر رۆژنامەنووساندا دەکات تا عەیب و عارەکانی ئاشکرا نەبێت، دەرکەوت لە کوردستاندا کە دەمانەوێت نموونە بێت راپرسی قەدەغەیە و بڵاوکردنەوەشی زیندانی بە دوایە. لە سەرێکی دیکەوە دەرکەوت کە نە پەرلەمان و نە حکوومەت و نە سەندیکای رۆژنامەنووسان لە خەمی گۆڕینی ئەو یاسایانە نین کە بەعس بۆ دەمککوتکردنی خەڵك و پاراستنی پۆلیسیانەی دەسەڵاتی خۆی دایڕشتبوون، کەواتە مافی خۆمانە وا تێبگەین کە حکوومەتی هەرێمیش لە مانەوەی دسەڵاتی خۆیدا مەیلی ئامرازەکانی بەعسی هەیە.

ئێرە دووڕیانە، یا هەموومان بگرن و هەموو رۆژنامە نیمچە بوێرەکایش قەپات بکەن و چیدیکە دروشمی درۆینە مەڵێنەوە، یانیش سینگتان بۆ سەرکێشییەکانی رۆژنامەنووسان فراوان بکەن کە ئەگەر کەمێك زیرەك بوونایە سوودتان لێدەبینین نەك زیندانییان بکەن.